

# گوڵەکان بۆ تۆن

نووسینی: یاسین قادر بەرزنجی

خوویەکی تازەت نییە، بەڵکو دەیان ساڵە بەدەم گەورەو بچووکەوە، بەدەم ناسیاو و نەناسیاوەوە، گوڵی زەردەخەنە دابەشدەکەیت و عەتری خۆشەویستیی دەبەشیتەوە.. تەنانەت ئەو زەمانەش کە لەسەر پەرۆشیت بۆ زمانی دایکت و بۆ مێژووەکەی باوکت و بۆ خوێنی بەناهەق رژاوی هاورێکانت و لەبەر داکۆکیت بۆ مانەوەی خۆت و نیشتمانەکەت، لە کار دوورخرایتەوەو نانبڕاوکرایت و بەسکێ تێرو بە دە برسی بوویت، ئەوساش رووە جوانەکەت نەشێواو پێدەچوو هەر لەساواییەوە، مانگی ئاسمانەکەی (سابڵاخ) لە تریفەی خۆی بەش دابیت و لەگەڵ راژەنینی لانکە کەتدا دەنگی

(مامليَ) بوويێته قەتارو لايلايەت..

ئێستاش ناوبەناو، لەگەڵ خانمی سەلاردا، لەساختمانی یەکجار بەرزەوە، کاتێ باڵەکۆن بەسەر نیوە شەوی تارانی هێمنتر لە ساتەکانی دی دەڕوانێ، دەرگا لەرووی رازونیازتاندا والآ دەبێ...

-خانم گیان.. بۆ خۆت هاوڕێی ڕێگام بوویت. کەهاتینە ئێرە، باری گرانی ژیان جەستەمی وەك درەختی بەردەم رەشەبا لێکردبوو، هەر ئەوە بوو نەدەمردم.. نان لەقوڕگی شێردا بوو.. ئەی تۆ، تۆی نازداری ماڵە باوان.. لەبیرتە لە ئازاری پێیەکانت خەو نەدەچووە چاوانت..

-ئەدی.. بەیانیان لە قوتابخانە بە پێوەو پاش نیوەڕوانیش تا درەنگان لە کلاس و وتنەوەی زمانی شیرین بۆ زارۆکی کوردزمانان..

-ئەی بەخێوکردن و گەورەکردنی سیان.. بەخودای ئەمانە هەر بەدەم خۆشن و هێنانەوە بەرچاویان ئەستەمە.. لێگەڕێ خانم لێگەڕێ، تا درێژەی بدەینێ وانیکی تەواو نابێ..

دەیان شەو، خەو، قسەو رازەکانتانی دادەپۆشی.. رۆژانی داهاتووش گەلێ جار کلیلی باس و خواسی ترتان دەدایە دەستی یەکتر..

سالانێکە تەمەن زۆربەی کاتەکانی لێ سەندوون و کردوونیە میوانی ماڵەوە. مەگەر بۆ کارێ یەکجار پێویست لە ئەسانسۆرەوە سەر بکەن بە دەردا.. یان بۆ بەشداریی خۆشی و ناخۆشیی ئازیران..

لەمالێ، لەسەر بەڕەی خۆماڵی و بە بەرگی کوردییەوە، جوانترین ساتەکانتان لەگەڵ دیتنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا دەبەنە سەر.. بەتایبەت ئەتۆی سیاسیی دێرین و قەڵەم بەبڕشت و بیرتیژ..

ئەو کاتانەی (خالقی) دەردەکەوێ و دەچریکێنێ، بەدەستی خۆت نییەو هەردووچاوت پڕاوپڕ دەبن لە فرمێسك.. یان کاتێ گوێت لە شیعرێکی (هێمن) دەبێ، وەختە لەگەڵیا بتوێیتەوە.. هەموو خەیالآتت دەچێتەوە بۆ ئەو رۆژگارانەی خەونی کۆمارەکەی کوردیان تیادا جوانەمەرگ کرد..

هەر کە(دۆست)ە دڵ لەلاکەیشت لە تەلەفۆنەوە پێت دەگات.. یادەوەرییەکی ئەم سالانەی دواییت دەبێتە دیمەنی بەرچاوت و لەگەڵ ئەودا دەدوێیت و خەریکە ئاگات لێی نەمێنێ و بچیتەوە لای گفتوگۆی چەندین شەو و رۆژەتان..

لەسلێمانی بوو، کەمێ پەردەدەت لەسەر عەشقی جگەر گۆشەیەکت لادا.. ئەویش هەموو گیانی ببوونە گوێ..

-وەك سێ باڵندە بوون، هەر خۆم دەزانم چۆن هێلانەم بۆ دروستکردن و پاراستمن.. خۆیشیان ئاگادارن، هەرچەندە شۆخی لەگەڵ دایکیاندا دەکەن پێی دەڵێن «لەوە زیاتر چت دەوێ. بۆ خەنی نابی، چەندە ماندووبوون وا بەتریقەی منداڵی ئێمە حەواونەتەوە.. ئیدی لەوە زیاتر چیتان لێمان دەوێ.. منداڵ دیاری خودایە و چاوانتان رۆشن»..

-خوا نەیانبڕێت. دە بۆمی باسکە. دیارە (هونەر) گیانیش لەسەر شایلۆغان و زەماوەندە.. دێم، دڵنیابە دێمە ئاهەنگی..

-ئاهەنگی چی.. من بۆ خۆیشم ناچم..!

-بڕوا ناکەم.. تۆ رۆحی خۆیشت داوە بەوان، مانای چی؟

-براکەم بەگوێمی نەکرد.. عەشقی عەجەم داویە لەکەللەی.. هەرچی دەڵێم ئاسنی سارد دەکوتم، هەرچەند دەکەم پێم قایل نابێ.. دەڵێ خودا یەکەو نابێتە دوو، منیش یان ئەو دولبەرەم دەخوازم، یان تاکو دنیا دنیایە وەکو خۆم بەتاك و تەنیا دەمێنم..

لەهەموو کەس باشتریش دەزانی هونەرەکەی تۆ، بۆخۆی دەریایەکە لە هونەر، ئاڵتوونە ئاڵتوون.. دەتزانی خۆشەویستی مرۆڤێك مێشکی داگیرکردوەو وەکو سیامەند پەیمانی بە خەجەکەی داوە بۆ یەکتر بن، یان بۆ گڵ، بەڵام باوەڕی تۆ چون کێوێك بوو، چون بێستون بوو، زەحمەت بوو بەهیچ خوسرەوێك کون بکرێت.. مەگەر خودا بیرەخساندایە..

دەموچاوە نورانی و بەخەندەکەت کەمێ شپرزە بوو.. لەولاشەوە قسەی خانم و هونەرەکەت و خوشك و برای، گوێی خانەخوێی خۆشەویستتانی پڕ کرد بوو..

ئەوان زۆریان دەوت و تۆیش کەمت دەبیست.. کە گرژ دەبوویت دەتووت «ماقوولە من لەسەر خاك و زمانەکەم دەربەدەربووم و ئێستا ببمە خزمی نەیاران. چیم پێ دەڵێن، خەڵکی چیم پێم دەڵێن؟»..

ساڵ تێپەڕی و ئەو دیوارە لەنێوان میهری تۆو جەرگەکەتدا دروستبووبوو.. نهێنی ئەم باسە لەگەڵ سروەی بەیاندا بەنێو کەسە نزیکەکاندا بڵاوبووەوە.. دۆستەکەی (سلێمانی)شت، کە هەمیشە سوێندت بە (پیرەمێرد و گۆران)ەکەی دەخوارد، لەولاوە بوەستێ..

چەند ساڵێ لەمەوبەر، دۆست هاتەوە لاتان.. هەر لە رێوە قەسەمی بە (پێشەوا)ی مانگی کوردان خوارد، گەر ئەمجارە دڵشکاوی بکەیت ئەوا ئیدی تاسەر لە زەردەخەنەکانت دەتۆرێ و نایبینیەوە.. قسەتان دامەزراند.. تکا لەو و لە خانمەکەی خۆت و لە چاوەگەشەکانی هونەر و بێ دەنگی و بێ رەنگی لە تۆش.. لەبیرتە دواجار ئاوا دوان..

- باشە پێمی بڵێ، ئا ئەوە کتێبەکەی (قاسملو) نییە هەمیشە لە ژوور سەرتە، ئەی خانمە دڵخوازەکەی ئەویش بییانی نەبوو، کەچی بووە چرای ڕێگای و ئێستاش بۆ یادەکانی ئەو دەژی.. دەپێمی بڵێ، تۆ پێنج فەرزە دەپارێیتەوە جگەر گۆشەکانت بپارێزرێن، بەڵام خۆت ئەمیان دڵشکاو دەکەیت..

لەقسەی چەند شەوو رۆژەتاندا، تروسکەیەك لە چاوانتەوە دەرکەوت.. تروسکە بووە ئاسۆیەکی گەش. دواجار حەقایەتێکت بۆ میوانەکەت گێڕایەوە..

-دەگێڕنەوە، پیاوێکی بە دین و ئیمان لەسەر سەفەری حەج دەبێ، داوا لە دراوسێکەی دەکات ئاگاداری تاقە کوڕە هەرزەکارەکەی بێ. نەکا تا دێتەوە فێرە رەوشتی ناشرین بێ، ئەو سەفەر دەکا و حەجی جارانیش گەلێ درێژەی کێشاوە.. کە دەگەڕێتەوەو دیاریی دەستی پێشکەش بە دراوسێ دەکات، دەڵێ «مەمنونی تۆم، دڵنیام کوڕە گەورەکەم بەقسەو فەرمایشتی کردوویت»، ئەویش دەڵێ «حاجی گیان. نەوەڵڵا وا دەرنەچوو، ئەو بەم ئەخیری عومرەوە فێرە شەراب خواردنەوەی کردم»!

لەبیرتە ئەویش وتی «فێری هەرچییەکت بکەم لەپێناوی بەرزڕاگرتنی ئەم ماڵە و درێژەدانە بە هەموو شتە جوانەکان، کە زۆربەیان هەرخۆت خاوەنیانیت».

بەهارێکی جوانی چەند ساڵێ لەمەوبەر، لەگەڵ شین بوونی سروشتدا و دەرکەوتنی گوڵ و گوڵاڵەکان، بەدیتنی زەماوەندی هەردوو دڵدار، زەردەخەنەی جاری جاران بووەوە میوانی سەر لێوەکانت..

زەردەخەنە بووە پێکەنین و بووە قاقا.. لەناخەوە دەتویست ئاوێزانی ئەو بەهارە بیت کە تیایدا ئازیزانت سەرمەست و شادبوون.. وات هەست دەکرد گوڵەکانی ئەو ناوە هەموویان لە ئێخەی تۆ دەدرێن..

**٢٠١١/٨/١٥**

yasinbarznji@yahoo.com



# دڵ فراوانی.. لێبوردن و گەردن ئازایی لێ کەوتەوە

محێدین وەك کەسێکی دەستکورت و ڕەنجبێوەر، بە قیستی دووساڵ لە کۆمپانیایەکی ئۆتۆمبێل فرۆشتنەوە، تەکسییەکی کڕییەوە، ئەمەش دوای ئەوەی کە پارچە زەوییەکی بێ تاپۆی لە دەرەوەی شار هەبوو، زەوییەکەی فرۆشت تا پارەی پێشەکی ئۆتۆمبێلەکەی پێ بدات و بۆ هەمان مەبەستیش خانووەکەیماڵی باوکیشی لە فەرمانگەی تاپۆ نیشانەی دەست بەسەرداگرتنی لەسەر دانرا، لەماوەی دوو ساڵەکەدا ئەوانیش ناتوانن کڕین و فرۆشتن بە خانووەکەیانەوە بکەن تا هەموو پارەی قیستەکە دەداتەوە، ئیتر هەروەك چۆن گەڵای درەخت بەزەیی بە باڵندەیەکی سەرمابردەڵەی بێلانەدا بێتەوەو ببێتە پۆشاك بۆی، ئەو تەکسییەش دەروازەی کاسپییەکی لەم کردەوەو تەکسی تایەن بۆیان بوو بە چەترێکی پارێزگاری کردن، چ لەخۆی و چ لە منداڵەکانی، بەو ئومێدەی کەمێك لە هەناسەسواری و هەژاری و برسێتی و بێکاری ڕۆژانە ڕزگاریان ببێت، مانگێکی بەسەردا تێپەڕی و ئەم هەر بە بەردەوامی لە بەیانیانەوە تا شەوانێکی درەنگ تەکسییەکەی دەگێڕا، تا ئێوارەیەکیان نەفەرێکی بۆ بەرماڵیان گەیاندەوەو لە ناو جەرگەی کۆڵانێکی نوتەك و تەسکدا بەگی بە تاکسیەکە دانا، تا بێتەوە سەر شەقامە گشتییەکە، لە نکاوڕا تەپەیەك لە جانتای پشتەوەی ئۆتۆمبێلەکەوە هات و بە زریکەی منداڵێك بێدەنگی لە کۆڵانەکە شکا، کاتێك دادەبەزێت منداڵێکی تەمەن حەوت ساڵان دەبینێت کە لە تاو ئازاری لاقی لەسەر تەوقی سەر دەخولێتەوەو دەزریکێنێت، کەسیش لە ناو کۆڵانەکەدا دیار نییە لە منداڵێکی تر زیاتر، محێدین بە منداڵەکەی تر دەڵێت ((تۆ ئەمە دەناسیت. ماڵیان لە کوێیە؟؟)) ئەویش دەڵێت ((لێرۆکانەیە)) پێی دەڵێتەوە ((دە بە ڕاکردن خێرا بە ماڵەوەیان بڵێ، منالەکەیان براوەتە ئیمرجنسی)) منالەی لاق شکاوی خستە ناو ئۆتۆمبێلەکەوەو بە هۆڕن و ڕەماش لێدانەوە زۆر بە خێرایی بەرەو ئیمرجنسی برد، لەوێ کە پۆلیسەکانی ناو ئیمرجنسی بینی بەرەو پیری هاتن زۆر شپرزەبوو، ترسی لێ نیشت و ئەوان پێیان وت ((ئەم منالە بەچی وای لێ هاتووە؟ کێ لێیداوە؟)) لەترساندا وتی ((چوزانم. ئۆتۆمبێلێك لە پێشمەوە خۆی لێداو بەجێی هێشت و منیش وەك خێرکردنێك گەیاندومەتە ئێرە)) پۆلیسێکی لێ هاتە پێش و وتی ((کاکی برا ئەو فلیمەمان زۆر دیتووەو جارێ تۆ سویچی سەیارەو ساڵنامەو مۆڵەتی شۆفێری خۆتمان بدەرێ، ئینجا بە پۆلیسەکانی تری وت چاوی لێ غافڵ نەکەن ها، ئەرێ ژمارەی ئۆتۆمبێلەکەی وەك دەڵێی لە پێشمەوە بوو چەندە؟)) ئەمیش دەمی داچەقابوو، محێدین لەهێنان و بردنی منالەکەدا بوو بۆ ژووری تیشك و بلیت بڕین و گەچتێگرتن لەو کاتەدا باوك و مامەکانی منالەکە گەیشتنە هۆڵی نەخۆشخانەی ئیمرجنسی و کردیانە هات و هاوارو دەیانوت ((ئەمە چ کۆرەیەك خۆی لێ داوە)) محێدینیش بە ملێکی کەچەوە وەك مالیکە حەزین لە تەنیشت بابی منالەکەوە وەستاو پێی وت ((قوربان من لێمدا، هەر زوو هێناومەتە ئێرە، لاقی سوکە درزێکی داوە، منیش لەبەردەمتاندا ڕاوەستاوم و چی دەفەرموون لە خزمەتدامە..)) ئینجا مامی منداڵەکە لێی هاتە پێشەوە تا لێی توڕەبێت بەڵام هەر کە تەماشای کرد پێی وت ((هەی خۆ تۆ کوڕەکەی مام سەمیریت)) ئینجا بە باوکی منالەکەی وت ((سەید. لە بیرت دێت پار لەئێوارەیەکی ڕەمەزاندا ئاسۆی کوڕم بە ئۆتۆمبێلەکەی لە پیرەمێردێکی دا و شانی شکاندبوو، ئەم شۆفێرە کوڕی ئەو پیاوەیە کە دەمودەست گەردنی ئاسۆیان ئازادکردوو دواتر منیش مەڕێکم کردە خێر کە تووشی خەڵکی مەردی وەك ئەمانە بووین، ئای سەیدی برام پێویستی نەدەکرد بە تووڕەیی قسە لەگەڵ ئەم زاتە بکەیت، هەر ئێستا تۆش گەردنی ئەم ئازاد بکە))

ئینجا باوکی منالەکە لە دوای نەرمە کۆکەیەکەوە وتی پێشینانمان بە هەوانتە نەیانفەرمووە ((هەرچی بچێنی ئەوە دەدوریتەوە، کوڕم خۆ بە پۆلیسەکانی ئێرەت نەوتووە کە خۆت لە ئاکاری کوڕمت داوە)) محێدینیش ئاماژەی دا بەوەی کە گومانیان هەیە بۆیە هەندێ شتی فەرمی ناو تەکسییەکەو سویچەکەشیان دەست بەسەردا گرتووە لەبەرئەوە باوکی منالەکە چووە لای دادوەری یەکەی پۆلیسی نەخۆشخانە تا وەریانگرێتەوە، دادوەر پێی وتبوو مام سەید سوێندم بۆ بخۆ کە ئەو شۆفێرە لە منداڵتی نەداوە ئەمیش وتبووی ((سوێند خواردن لای من مەحاڵە بەس دەزانم ئەو پیاوە هاریکاری منالەکەمی کردووە، چۆن چاکەی بە خراپە بدەمەوە)) بەو شێوەیە شتەکانی لێ وەرگرتنەوەو بە محێدینی وت ((بڕۆ کوڕم تۆ گەردنت ئازاد بێت، بە باوکیشت بڵێ ئێمەش وەك ئەوین)) لە تەنیشتیەوە بە هێواشی چرپاندییە گوێی سەیدو وتی((بڵێ لە دڵ و دەرووندا وەك یەکین، بەڵام ئەو فەقیرانە کە گەردنی کوڕەکەمیان ئازادکرد کرێچیش بوون و پارەی چارەسەریشیان لە ماڵدا نەبوو، کەچی لەخوا بە زیادبێت تۆ سوپەر مارکێتێکی گەورەت هەیە، دەوڵەمەندی دڵی ئەوان دڵی ئێمەشی دەوڵەمەند کرد تا گەردنی ئازاد بکەیت و لێی ببووریت)).

# میرات.. دەبێتە هۆی بەخاک سپاردنی ویژدانی کەسێک



ئا: کاندێش

حاجی مەحموود بەسەر گۆڕی برا بچکۆلەکەیەوە دەگریاو بیری لە ساتەوەختەکانی گەنجێتی خۆی دەکردەوەو دەستی لەسەر سنگی خۆی دادەناو هەستی بە ئازارێکی کوشندە دەکرد، ئەو غەدرانەی دەهاتەوە پێش چاوان کە دەرهەق براکانی خۆی کردونی، بۆیە ئێستا بەو شێوەیە ئازاری پێوە دەکێشان، تازە چ سوودی هەیە کە هەموو بەیانیانێك گوڵ بکرێت و بۆ ئێوارنیش لە تەنیشت ئەم گڵکۆیەوە گوڵەکان سیس ببنەوە!!

بیرو زەینی حاجی لە گەنجێتییدا لەناو قاوغێکی تەسکی بەرژەوەندخوازی و نێرگسیەتدا کۆت وبەند بوو، کاتێك باوکی ڕەحمەتییان عەمری خوای بەجێهێناو دوا ماڵئاوایی لێکردن، بێ دایك و باوك مانەوە، ئەم براگەورەیان بوو، بۆ ناوەنجییان بۆ پێشمەرگایەتی لە ژیانی ناو شار دوور کەوتبوەوە، برا بچکۆلەکەشیان نەخۆشی دەروونی هەبوو، خوشکە تاقانەکەشیان هەر بەزوویی و بە تەمەنی شازدە ساڵی بە شوودرابوو، ئەویش لە ماڵە مێردی خۆیدا بەسەر کۆمەڵێك گرفتی نەداری و هەژاریدا کەوتبوو، هەرچی موڵك و دوکان و لۆری و باخچەی میراتییان هەبوو، کەوتبوونە ژێر ڕکێفی مەحموود فەندییەوە، بە کەیف و ئارەزووی نەفس، تەخشان و پەخشانی پارەو سامانی بەجێماوی ماڵە باوانی بەسەر ماڵ و منداڵەکانی خۆییدا دەکردن، بێ ئەوەی لە حاڵی خوشکە تاقانەکەیی و برا نەخۆشەکەی و براکەناوەنجییەکەی تری بپرسێتەوە کە ئەم شاخ بۆ ئەو شاخی دەپێواو ژیانی بۆ مەسەلەیەکی پیرۆز لەسەر لەپی دەستی خۆی دانابوو، ئیتر ئەم مەحموودە وەك هەندێك لەو مرۆڤانەی کە بەدوای تێرکردنی حەزو ئارەزووەکانێتی، هەموو بیرکردنەوەکانی هەر لە تێگەی پێداویستی ڕۆژانەیە بۆ ئەو شتانەی چێژی دەداتێ و لەوانە تێناپەڕێت، واتە لە خەمی پاراستنی بەهای باڵا ئینسانییەکاندا نەبوو، تەنانەت لەگەڵ هاوخوێن و نزیکترین کەسەکانی خۆیدا حەقخۆری سپڵەو بێ هەڵوێست دەرچوو، کاتێك برا ناوەنجییەکەی لە داستانێکی نەبەردانەدا بە گوللەی بەعسییەکان شەهیدکرا، گەرچی ڕژێمی ئەوسا پرسەدانانی بۆ شەهیدانی پێشمەرگە قەدەغەکردبوو، هەروەها پارەی گوللەکانیش کە بەر جەستەی پێشمەرگە دەکەوتن لە کەسوکاریانی دەسەندەوە، بەڵام ئەم هێندە نانەجیبانە لەناو خەڵکدا لەسەر ئەو برا شەهیدەی دەدوا، گوایە هەر خۆی لێ بێبەری کردووە، ئەوەش لە پێناوی ئەوەی نەوەك ڕۆژێك لە دائیرەی ئەمنەوە یان لە مونەزەمەیەکی حزبی بەعسەوە دەرگای پێ بگرن و باجێکی لێ وەربگرن و لە پارەو سامانی کەم بێتەوە، ئەو خوشکە قوربەسەرشی کە برا بچووکە نەخۆشەکەی لە ماڵەمێرد گل دابۆوەو تەنانەت لەکاتی ساڵانی گەمارۆی ئابووری و گرانییەکەدا زێڕەکانی خۆی بۆ دەرمانی ئەو برا نەخۆشەی دەفرۆشت، هێندە دڵی بۆی دەبرژا بەڵام نەیدەزانی لەوە زیاتر چی بۆبکات، تا دواجار مێردەکەی تەنگی پێ هەڵچنی بوو، ناچار ئەوکوڕە نەخۆشەیان لە مزگەوتێك دانابوو، بۆ ئەوەی لەوێ بخەوێت وخەریکی خاوێنکردنەوەی مزگەوتەکەو هاوکات هاوکاریی مجێورەکانیش بکات، ئەمانیش لەملاوە خانوویان فرۆشتبوو و بە پارەکەی ڕوویان کردبووە هەندەران و بەر لەوەی بگەنە جێی مەبەست لە دەریاچەی ئیجەوە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت دیار نەماون و، بێ سەرو شوێن کەوتوون..

ئەو مارە چڵێسە ڕاکشاوەی ناخی مەحموود لەبەر تینیوێتی بۆ پارەکۆکردنەوەو زەویوزاروخانوو و کارگەو عەقارەت نەیهێشت بەجدییەتەوە سۆراغێکی ماڵی خوشکەکەی بپرسێت داخۆ ماون یان زیندوون، ئەوانیشی تێهەڵدایە کونجی فەرامۆشی و لەبیرکردن، ئەو هەموو سامان و بەروبوومەی پێگەیشتبوو بەڵام هەستی مرۆڤانەی پێنەگەیشت، پارە تەنیا شتێك بوو کە مەحموود دەیناسی و شارەزای بوو نەك هەستی مرۆڤدۆستی، لەم ڕۆژانەدا منداڵەوردکەی جادەو کۆڵانان بە هۆیها کەوتبوونە دوای مرۆڤێکی کەمژیری نەخۆش کە جلەکانی لەبەری خۆیدا داکەنیبوو، ڕاویان دەنا تا خۆی کردبوو بە نەمامگەیەکی مەحموود فەندیداو لە ناو درەخت و نەمامەکاندا خۆی حەشار دابوو، منداڵەکان نەمامگەکەیان بەردباران دەکرد، کاتێك مەحموود بە مۆنیکاکەی دەگاتە ئەوێ، لە منداڵەکان تووڕە دەبێت و دووریان دەخاتەوە، کە دەچێتە نەمامگەکەوە یەکێك لە باخەوانەکان بە مەحموود دەڵێت: ڕووەکی نیاندرتاڵمان بۆ هاتۆتە ژووریێ..

مەحموودیش وەك سروشتی هەمیشەیی خۆی لە قاقای پێکەنین دەدا، بەڵام کەچاوی دەکەوێتە سەر ئەو کوڕە جحێڵە ڕووتەی لە بن دارەکانداییە، مەحموود بۆ کوڕە دەکەوێتە سەرچۆك و بروسکێ لە تەوقی سەری تا پاژنەی پێی هەموو گیانی ڕاچڵەکان، بۆ یەکەمین جارە لە ژیانیدا لاواز دەردەکەوێت و هەست بە گەورەترین دۆڕاندن دەکات، ئەو کوڕە ڕووت و قووتەی بەردەمی کە لە ترساندا هەڵترووشکابوو، دەرچوو برا بچکۆلەکەی مەحموودە کە بێ کەس و تەنیا کەوتبووە بەر مەرحەمەتی ڕق و بوغزو بێ شعووریی هەندێك خەڵکی بێ ویژدان، مەحموود ئەوکی لە گریاندا قوڵپی ئەدا و بە پەلە لە بەتانییەکەوە ئاڵاندی و خستییە ناو ئۆتۆمبێلەکەی و تا بەماڵەوەی گەیاندەوە چاوەکانی بە ڕشتنی فرمێسکی پەشیمانی سوورهەڵگەڕان، بۆ بەیانیش زوو بە زوو خۆی گەیاندە سەر مەزاری برا شەهیدەکەی تری و سوێندی خوارد بەو گۆڕە پیرۆزەی کە تا ماوێت لە ژیاندا ئاگاداری برا بچکۆلەکەی بێت و هاوکاری کەسانی وەك وی بکات.

# لەبەرچی یارییە فۆلکلۆرییەکان بەرەو کاڵبوونەوەو نەمان دەچن؟

دیار سالار

**ئێستا گەنجەکان کەمتر لە جاران سینی سینیانێ دەکەن**

کازم عومەری تەمەن هەشتاوپێنج ساڵ یەکێکە لەو پیاوە بەتەمەنانەی کە مێژوویەکی دوورودرێژی لەگەڵ یاری سینی سینیانێدا بەسەر بردووە، ئاماژەی بەوەداکە لەسەردەمی گەنجێتی ئەواندا لەمانگی ڕەمەزان و لە زۆربەی مانگەکانی تری ساڵیشدا بەشی هەرەزۆری گەنجانی هەولێر سینی سینیانێیان کردووە، مام کازم سەبارەت بەمێژووی ئەم یارییە دەڵێت یاری سینی سینیانێ مێژوویەکی دێرینی لەشاری هەولێردا هەیە، لەسەردەمی عوسمانیەکانەوە ئەم یارییە تا ئەمڕۆ درێژەی هەیە، لەساڵانی ڕابردوودا زۆربەی گەنجەکان ئەم یارییەیان دەکرد، بەڵام ئێستا بەشێوەیەکی بەرچاو هەوادارانی ئەم یارییە کەمی کردووەو کەمتریش گەنجەکان ئەم یاریانە دەکەن، گەنجان زیاتر ڕوویان کردۆتە کافتریاو یانەکان و کەمتردێن بۆ چایخانەیەکی میللی و کاتی خۆیان بەیارییەکی وەك سینی سینیانێ نابەنەسەر، ئەمە بێجگە لەوەی کەسینی سینیانێ کۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆی هەیە و پێویستە چەند کەسێك ئامادەی یارییەکە بن و دابەش بن بەسەر دووگرووپدا )).

سەبارەت بە جموجۆڵی هەوادارانی ئەم یارییە لەکاتی ئێستا و ڕابردوودا دەڵێت ((ئەم یارییە تا ئەم چەند ساڵەی دواییش گەورەترین ئارەزوومەندانی هەبوو، بەڵام ماوەی پێنج ساڵە بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات، هەوادارانی ئەم یارییەش وردە وردە واز دەهێنن، دەتوانم بڵێم لەگەڵ پێگەیشتنی ئەم نەوەیەی ئێستادا ڕەنگە بەتەواوەتی ئەم یارییە بەرەو لەناوچوون بڕوات)) .

**یاری سینی سینیانێ یەکێکە لە کەلتوری دانیشتووانی هەولێرە.**

حاجی حەمەدەمین حاجی مەغدیدی تەمەن هەشتا ساڵ یەکێکی ترە لەو پیاوە بەتەمەنانەی زۆر بەپیرۆزییەوە تەماشای ئەم یارییە دەکات و ئێستاش وەك ئارەزوومەندێکی ئەم یارییە شەوانە لەچایخانەکانەکانی تەیراواو تەعجیل بەشداری تێدا دەکات، سەبارەت بە مێژووی ئەم یارییە دەڵێت (( یاری سینی سینیانێ یەکێکە لەیارییە کەلتوورییە فۆلکلۆرییەکان کەمێژوویەکی کۆنی لە شاری هەولێردا هەیە، ئەم یارییە لەشاری هەولێر هەوادارانی لەهەموو شارەکانی تر زیاترە لەبەرئەوە دەتوانم بڵێم تایبەتە بەکەلتووری هەولێر هەرچەندە لەکەرکوك و موسڵیش بەکەمی دەکرێت)) بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینیە لەکاتی ئێستادا کەمتر پیرەکان بەشداری لەم یارییە دەکەن و زیاتر وەك هاندەری تیپە بەشداربووەکان تەماشا دەکەنن سەبارەت بەوەی کە هەمیشە پیرەکان وەك هاندەر دەیانەوێت ئامادەبن حاجی حەمەد ئەمین وتی ((یاری سینی سینیانێ کۆنترین یارییە کەهەموومان بەگەنجێتی یادگاری خۆشمان لەگەڵیدا هەیە هەرچەندە ئێستا بەتەمەن پیربووین تەنیا تەماشای ئەو گەنجانە دەکەین کەیارییەکە ئەنجام دەدەن بەڵام حەزدەکەین بە بەردەوامی بەشداربین لەیارییەکەدا)).

* * *

**هەرکۆمەڵگەیەك لەناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا خاوەنی هەندێك یاری فۆلکلۆری خۆیەتی کەمێژوویەکی دێرینیان بۆ خەڵکەکەی تۆمارکردووە، زۆرجار ئەو یارییە فۆلکلۆریانەی بەرو لەناوچوون دەچن یان بەتەواوەتی لەناوچوون، تەنیا لەبۆنەیەکی دیاریکراودا بەدەردەکەونەوە، یاری سینی سینیانێ یەکێکە لەو یارییە فۆلکلۆریانەی کەمێژوویەکی دێرینی هەیە لەشاری هەولێر، بەڵام تەنیا لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا بەبیرهاوولاتیان دێتەوە، بەجۆرێکی وا ساڵ لەدوای ساڵ هەوادارانی ئەم یارییە بەرەوە کەمبوونەوە دەچێت، پێشبینی ئەوەش دەکرێت لەچەند ساڵی داهاتوودا بەتەواوی ئەم یارییە لەناوبچێت.**

* * *

**کەمترین خەرجی دەوێت**

کاروان حەسەنی تەمەن سیوچوارساڵ یەکێکە لەو گەنجانەی کە بەبەردەوامی هەموو شەوێکی ڕەمەزان لە یەکێك لە چایخانەکانی تەیراوا یاری دەکات، سەبارەت بەکەمبوونەوەی بەشداربووانی یارییە فۆلکلۆریەکان کاروان دەڵێت(( بەداخەوە گەنجانی ئەمڕۆ کەمتر ئارەزووی یارییە فولکلۆریەکانیان هەیە، زۆربەیان خەریکی ڕابواردن و گەڕانن لە پارك و سووپەر مارکێتەکاندا بەجۆرێك دەتوانم بڵێم ڕێژەی هەوادارانی ئەم یارییە ساڵ بەساڵ کەمدەبێتەوە، ئەمساڵ لەچاو دەساڵ بەر لەئێستادا بۆ نیوە کەمی کردووە، هەوادارانی ئەم یارییە زۆر کەمیان کردووە، تەنیا لەناو گەنجەکانی چینی هەژاراندا ماوەتەوەو گەنجانی چینی دەوڵەمەند بەهیچ شێوەیەك بەشداری تیادا ناکەن))

سەبارەت بەوەی کە بۆچی تەنیا گەنجانی چینی هەژارو ناوەند بەشداری لەیاری سینی سینیانێ دا دەکەن کاروان دەڵێت ((زۆربەی هەرە زۆری گەنجە هەژارەکان ناتوانین بچین بۆخۆمان بگەڕێین و پارە خەرج بکەین، دێین یادگارییەکی باووباپیران زیندوو دەکەینەوە و کاتێکی خۆش دەبەینەسەر، پارەشمان ئەوەندە ناڕوات )).

فەرهاد کامیلی سی وهەشت ساڵ یەکێکە لەو گەنجانەی کەزۆربەی هەرە زۆری کاتەکانی شەوانەی بە یاری سینی سینیانێوە دەباتە سەر، سەبارەت بە ئارەزووی هەندێك لەگەنجان بۆ ئەم یارییە دەڵێت (( یاری سینی سینیانێ پیرۆزە لای ئێمە چونکە لەقۆناغی نەوجەوانیمدا لەساڵی نەوەدەکاندا فێری ئەم یارییە بووم لەوسەردەمەدا ئەوکات ئەم یارییە لەوپەڕی گەرم وگوڕیدابوو بەجۆرێك زۆربەی هەرە زۆری گەنجەکانی ئەم شارە لەو سەردەمەدا ئەم یارییەیان دەکرد، ئەمڕۆش لەکاتێکدا چەندەها سووپەرمارکێت و پارك و سەدان شوێنی دڵداری بۆ گەنجان بکرێتەوە، من شەوانی رەمەزان لەچایخانەیەکی میللیدا کات دەبەمەسەر و دەمەوێت یارییەکی فۆلکلۆریی باوباپیران زیندووبکەمەوە )).

**سینی سینیانێ مێژوویەکی دێرینی هەیە**

هەردی کامیلی مێژوونووس دەڵێت ((لەڕووی مێژووییەوە یاری سینی سینیانێ باکگراونکدێکی فۆلکلۆری هەیە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، ئەوەی جێگەی سەرنجە لە هەموو وڵاتانی جیهاندا بەتایبەتی لەوڵاتاکەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چەند یارییەك هەن کە خاوەنی مۆرکێکی فۆلکلۆری خۆیانن، لەبەر ئەوەش کە هەریەکە لەم یارییانە لەڕووی مێژووییەوە خاوەنی کەلتورێکن، ئەگەر تەماشا بکەین یاری سینی سینیانی لەکۆمەڵگەی ئێمەدا مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە بەجۆرێك هەندێك لەسەرچاوەکان دەیگێڕنەوە بۆ سەردەمی سەلجوقیەکان، هەندێکی تر دەیگێڕنەوە بۆسەردەمی عوسمانیەکان، بەڕای من وەك مێژوونووسێك مێژووی ئەم یارییە پێنجسەدساڵ دەبێت لەناوماندا، ئەوەی گرنگە ئەم یاریانە ئەگەر لە فۆلکلۆری میللەتێکی ترەوە هاتبن ئەوا هەر بایەخی خۆیان هەیە، چونکە مێژوویەکی دوورودرێژە لەگەڵ ئێمەدا دەژین و یادوەری بۆ دروست کردوین .



# چ هەڵسوکەوتێکی پیاوان ژنان تووڕە دەکات؟

***

**ڕۆژانە چەندین هەڵسوکەوتی پیاوان هەیە بەبێ ئەوەی پیاوەکان خۆیان هەستی پێبکەن دەبێتە هۆی تووڕە بوونی ژنەکانیان تاوای لێدێت ئەو تووڕە بوونە لە ئەنجامدا ببێتەمایەی دروست بوونی کێشەیەکی گەورەو ئاڵۆز کە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی قورس دەبێت، بۆیە پێویستە پیاوان ئاگاداربن لە چۆنیەتی مامەڵکردن و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ژنەکانیان.**

***



**بە فەرامۆشکردنم لە لایەن مێردەکەمەوە تووڕەدەبم**

پەری عەزیز ئافرەتێکی تەمەن ٢٤ساڵە ژنی ماڵەوەیە خاوەن منداڵێکە مێردەکەی ڕۆژنامەنووسە ئەو ئافرەتە دەڵێت» من وەکو ژنێکی ڕۆژنامەنووس زۆر تووڕە دەبم کاتێك مێردەکەم شەوانە دەرنگ دەگەڕێتەوە ماڵ یان کە دەگەڕێتەوە بەردەوام گوێ لە دەنگو باس و هەواڵەکان دەگرێت یان خەریکی کاری ڕۆژنامەنووسی دەبێت، بەراستی ئەو ڕەوشتانەی هاوسەرەکەم زۆر دڵگران و عاجزم دەکات لەگەڵ ئەوەش بەهۆی ئەوکارانەیەوە من پشتگوێم دەخات و گرینگیم پێنادات».

**تووڕەبوونم لە ناخەوە ئازار بەخشە**

ئافرەتان بەردەوام هەست ناسکن، زۆربەی کات لە ناخەوە لە هاوسەرەکانیان تووڕە دەبن بەڵام بەهۆی خوشەویستی و هەست و سۆز حەزناکەن ئەو تووڕە بوون و دڵگرانییەی خۆیان دەرببڕن. ناسکە ڕەحمان ڕەشید ئافرەتێکی تەمەن ٢٩ساڵە مامۆستای ناوەندییە خاوەن ٤ منداڵە، دەڵێت»زۆربەی کات لە ناخەوە لە مێردەکەم عاجز دەبم کە هەست دەکەم لەگەڵ منە و سەیری ئافرەتێکی تر دەکات بەڕاستی ئەوە بۆ من زۆر دەبێتە مایەی بێزار بوون هەموو ئافرەتێکیش دەزانێت ئەگەر مێردەکەی لەگەڵی بێت و سەیری یەکێکی تربکات چەندە ئازار بەخشە چونکە ئەو کات ئێمەی ئافرەت تێدەگەین خۆمان کەموکوڕیمان هەیە یان جوان نین یان بەگوێرەی دڵی ئەو هەڵسوکەوتمان نەکردووە بۆیە چاوی لە ئافرەتی ترە، لەگەڵ ئەوەشدا من زۆرجار ئەو تووڕە بوونە لەناخی خۆمدا دەشارمەوەو دەری نابڕم».

**دەمەوێ لەدەمی مێردەکەمەوە گوێبیستبم و پێمبڵێ خۆشمدەوێیت**

ژنان بەردەوام پێویستیان بەخۆشەویستی و دەربڕینی هەست و سۆزی مێردەکانیان هەیە بەڵام زۆرێك لە پیاوان ئامادەنین باس لە چۆنیەتی خۆشەویستی و عاشقی دڵیان بۆ ژنەکانیان بکەن. تەلار نەوزاد تەمەن ٢٣ساڵان ماوەی دوو ساڵە شووی کردوە فەرمانبەرە، یەکێکە لەو ئافرەتانەی بەردەوام کێشەی لەگەڵ هاوسەرەکەی هەیە لەسەر ئەوەی کە باسی خۆشەویستی خۆی بۆناکات و هەستی خۆی دەرنابڕێت، ئەو ژنە دەڵێت» کاتێك لە مێردەکەم دەپرسم بۆچی هەستی خۆت بۆمن دەرنابڕیت و باسی خۆشەویستیم بۆ ناکەیت دەمەوێت لە دەمی خۆتەوە گوێم لێبێت پێمبڵێی خۆشمدەوێی بەڵام مێردەکەم دەڵێت گرینگ ئەوەیە من لە دڵەوە تۆم خۆشدەوێی ئیتر پێوست ناکات بە دەم پێت بڵێم ئەوە ڕۆژانە من زۆر تووڕە دەکات و عاجزم دەکات وام لێدیت منیش بەردەوام لەجیاتی دەربڕینی وشەی خۆشەویستی وشەی بێزاری دەرببڕم».

**لەو سەردەمەدا گرفتی دەروونی ودڵەراوکێ و کێشە زۆربووە**

کارمەند عەزیز عەلی توێژەری دەروونی دەڵێت»مامەڵەکردنی ژنان و پیاوان لەتەك یەکتریدا پێویستی بە جۆرێك لە تێگەیشتن و وردبینی هەیە کە داخوازی هەریەك لەژن و پیاو هەڵگری جۆرێك لە تێگەیشتن بێت لە ڕەگەزی بەرامبەر، هەڵکەوتەی بایەلۆجی و دەروونی هەریەکەیان جۆریکەو خوازیاری جۆرێك لە مامەڵەکردنە، لەسەردەمی ئەمرۆماندا ئەو هۆشیاری سایکۆژیایە زیاتر پێویستە وەك لەسەردەمەکانی پێشووتر، چونکە پێشکەوتنەکان و پێداویستییەکان جۆرێك لە دابڕانی دروست کردوە، مرۆڤی تووشی ئاڵۆزی کردوە، لە حەزووئارەزووەکانی، بەمەش ئەگەری سەرهەڵدانی گرفتی دەروونی و دڵەڕاوکێ زیاتر بووە، ئەگەر لەکۆندا ژنان بۆ دابین کردنی خواردن و شوێن پێویستیان بەپیاو بووە بەڵام لەو سەردەمەی ئەمڕۆ ئەوە نەماوە ژنان خۆیان دەتوانن ئەوە بەدەست بێنن بۆیە لەو سەردەمەدا ژنان زیاتر پێویستیان بە دەربڕینی سۆزوخۆشەویستیە، لەڕۆژێکی ئاساییدا زیاتر لە هۆکارێك دەبینن بۆ سەرهەڵدانی کێشەو تووڕە بوون لەنێوان ژنان و پیاواندا، دەبێت پیاوان ئاگاداری ئەوەبن کە گەلێك هۆکار هەن تووڕەیی ژنان زیاتر دەکەن، بۆیە پێویستە پیاوان لەو کاتانەی کە ژنان تووڕە دەبن زیاتر گوێگربن، چونکە لەدەروونزانیدا دەوترێت ئەوهەڵسوکەوتە تووڕەبوون بەتاڵ دەکاتەوە، بۆیە باشترە لەکاتی وادا گوێگربن تاوەکو دەگەنە ئەنجام، پێویستیشە هەموو ژنان و پیاوان بە بەرپرسیارێتیەوە مامەڵە لەگەڵ یەکتربکەن»

مامۆستا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی:

# لە شەوانی قەدر
# باشترە ئافرەتان لەماڵەوە خوداپەرستی بکەن

**مامۆســـتا عەبدوڵلا مەلا ســـەعید گرتك ســـەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە لە کوردستان، لەدیمانەیەکی تایبەتدا بۆگۆڤاری گوڵان باســـی لە شـــەوی قەدرو چۆنێتی بەڕێکردنی ئەو شـــەوە پیرۆزەی لەلایـــەن موســـوڵمانەوە کرد، نەك بە واتا ڕووکەشـــە زمانەوانییەکانی بەڵکو بە واتای بـــڕوای پتەوو ناوەڕۆکە مێژووییەکەیەوە، هەروەها باســـی لە چۆنێتی کۆتایی هاتنی وادەی ئەم مانگەو دەستپێکردنی جەژنی ڕەمەزان و دەستنیشـــانکردنی شـــەوی قەدری پیرۆزو پەیامەکانی لەمانگی ڕەمەزاندا بۆ کردین کە بە بارتەقای هەزار مانگی خودا پەرستییە..**

### قورئانی پیرۆز لەشەوی قەدردا هاتۆتە خوارەوە

سەبارەت بەپیرۆزی شـــەوی قەدر بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا وتی پیرۆزی شـــەوی قەدر دەگەڕێتەوە بۆئـــەوەی کەلـــەم شـــەوەدا قورئانـــی پیرۆزبۆ پێغەمبەرمان دروودی خوای لێبێت هاتۆتە خوارەوە، واتا ئەگەرپیرۆزی مانگـــی ڕەمەزان و جیاوازی لەگەڵ مانگەکانی تری ســـاڵدا لـــەوەدا بێت کە قورئانی پیـــرۆزی تیادا هاتبێتە خـــوارەوە، ئەوا شـــەوی قەدر پیرۆزترین شەو دەبێت لەو مانگەدا، چونکە قورئانی تیادا هاتۆتە خوارەوە، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین شـــەوی قـــەدر لای خودای گەورە تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەبەر ئەوە دەبێت هەموو موســـڵمانێك بەپیرۆزی و بایەخەوە تەماشای ئەم شەوە بکات.

### کاتی دیاریکراوی شەوی قەدر نەزانراوە

سەبارەت بەوەی کە بۆچی شەوی قەدر دەستنیشان نەکراوە مامۆســـتا عەبدوڵلا وتـــی (( بێگومان یەکێك لـــە میهرەبانیەکانی خودای گەورە لەوەدایە کە شەوی قەدر دیارنییە بەڵکوو بەنهێنی ماوەتەوە تاهەتایە بەشاراوەیی دەمێنێتەوە، بێگومان ئەمەش حیکمەتێکی زۆری تێدایە، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەم شەوە دیاربوایەو کاتەکەی بۆئادەمیزاد دەستنیشان بکرابوایە ئەوا خەڵك هەموو مانگەکانی ســـاڵ و تەنانەت مانگی ڕەمەزانـــی پیرۆزیان فەرامۆش دەکرد، تەنیا لەشەوی قەدردا خوداپەرستییان دەکرد، بـــەڵام ئەوەی گرنگە بۆهەموومـــان، پێغەمبەری

**حیکمەتێکی زۆر گەورەیە کە شەوی قەدر نەزانراوە**

خودا هەندێك نیشـــانەی شـــەوی قەدری بۆمان باســـکردووە وەك ئەوەی پێغەمبـــەری خودا دەڵێت لەشـــەوە تاکەکانی کۆتاییدا بۆ ئەم شەوە بگەڕێین واتا لەشـــەوەکانی بیســـت ویەك و بیست وسێ و بیســـت و پێنج و بیســـت و حەوت و بیست و نۆ، بێگومان هەندێك لە زانایان ئاماژە بەشەوی بیست وسێ دەکەن، هەندێکی تر بەشەوی بیست وحەوت و هەندێکی تر بەشەوی بیست و نۆ، بەڵام ئەوەی گرنگە لەنەزانینی کاتی دیاریکراوی ئەم شەوەیە.

### خوداپەرستی لەشەوی قەدردا بەرامبەر بەهەزار مانگە

ســـەبارەت بەوەی کە ئەم شـــەوە پیرۆزە لەچییەوە دانراوە، مامۆســـتا عەبدوڵلا وتـــی ڕۆژێکیان بۆ پێغەمبەر دەگێڕنەوە دەڵێن پیاوێکی بەنوئیسرائیلی هەزار مانگ خودا پەرســـتی کردووە، پێغەمبەری خـــودا فەرمووی خۆزگە ئەو پیاوە لە ئومەتەکەی مـــن بوایە، ئەوەبـــوو خودای گـــەورە و میهرەبان فەرمـــووی کەئێمـــە شـــەوێکمان داوە بەئومەتی موســـوڵمانان کە بەهەزار مانگـــی عیبادەتی ئەو پیاوە بەنی ئیســـرائیلیە دەشـــێ، کەئەو شـــەوەش شەوی قەدری پیرۆزە.

### پێویستە لەشەوی قەدردا قورئان بخوێنین و شەو نوێژبکەین

سەبارەت بەو سونەتانەی کەپێویستە موسوڵمان لەم شـــەوەدا ئەنجامی بدات مامۆستا عەبدوڵلا وتی بێگومان لەشـــەوی قەدردا چەند جۆرە ســـونەتێك هەیە، زۆرباشـــە مرۆڤ جێبەجێـــی بکات لەوانە مـــرۆڤ نەنوێـــت و لەمزگەوتـــەکان کۆببنەوەو خوداپەرســـتی بکـــەن، تەنانـــەت ســـاڵ هەبووە پێغەمبەری خـــودا بەدرێژایـــی مانگی ڕەمەزان لەمزگەوت ماوەتـــەوە، تەنیا بۆهەندێك کاری زۆر پێویست چۆتە دەرەوەو دواتر زۆربەپەلە بۆمزگەوت گەڕاوەتـــەوە و بەجۆرێك هەموو کاتەکانی مانگی ڕەمەزانـــی لەمزگەوتدا بردۆتە ســـەر، لەبەر ئەوە پێویستە هەموو موسوڵمانێك ئەم شەوە لە مزگەوت بمێنێتـــەوەو نوێژ بکات هەروەهـــا قورئان خوێندن یەکێکە لەو سوونەتانەی کەزۆرگرنگە بۆ مرۆڤی موسڵمان تا لەم شـــەوەدا ئەنجامی بدات، چونکە قورئـــان لەم شـــەوەدا هاتۆتە خـــوارەوە، هەروەها دوعاکردن یەکێکە لە ســـوونەتەکانی لەو شـــەودا پێویستە بکرێت.

### مزگەوتەکان باشترین شوێنن بۆشەوی قەدر

ســـەبارەت بەوەی کەمەرجە هەموو کەسێك شەوی قـــەدری پیـــرۆز بچێت بۆ مزگەوت، مامۆســـتا مـــەلا عەبدوڵلا وتـــی ((ئەو شـــەوە تەرخانکراوە بۆخواپەرســـتی، لەبـــەر ئەوەشـــە مزگـــەوت کەشـــووهەواکەی زۆرگونجاوترە بۆخوداپەرســـتی لەچـــاو ماڵدا، لەبەر ئەوە باشـــترە هەموومان لەو شـــەوەدا ڕوو لەمزگەوتـــەکان بکەیـــن، چونکە لەماڵەوە ڕەنگە هەندێك هۆکار هەبن وەك منداڵ و هاتنی میوان لەوانەیە ئەمانە تا ڕادەیەك ڕێگربن لەخواداپەرستی.

**خودای گەورە کاتی دیاریکراوی شەوی قەدری بۆدەستنیشان نەکردوین**

**قورئان لەشەوی قەدردا بۆ پێغەمبەر هاتۆتە خوارەوە**



### پرۆفایلی تایبەت بەمامۆستا عەبدوڵڵا:

ـ مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گردتکی
ـ لەساڵی ١٩٧٣ لە گەلاڵە لەدایك بووە
ـ لەساڵی ١٩٩٣ دبلۆمی باڵای لەزانستە ئیسلامیەکاندا لەبەغدا وەرگرتووە.
ـــ بەکالۆریۆســـی لەبانگەوازی ئیســـلامی لەســـاڵی ٢٠٠٤ دا لەبەغدا وەرگرتووە.
ـ ماجستێر لەفیقهی ئیسلامی لەساڵی ٢٠١٠ لەبەغدا وەرگرتووە.
ـــ ماوەی حەڤدەســـاڵ وەك وتارخوێن پێشـــنوێژبووە لەمزگەوتی گەورەی شاری سۆران.
ـ گەلێك بەرهەمی چاپکراوی هەیە لەوانە:
١- ئیسلام و نەتەوایەتی .
٢- دیدی ئیسلام بەرامبەر پرسی نەتەوەیی .
٣- جهود الشیخ عبدالکریم المدرس (الفقیهە) .
ـ لەســـاڵی ١٩٩٣ تا ئێستاش ســـەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی پیرۆزە.

**واباشترە ئافرەت لەماڵەوە خوداپەرستی بکات نەك لەمزگەوت**

ســـەبارەت بە چوونی ئافرەتان لەشـــەوی قەدردا بۆ مزگەوت مامۆســـتا عەبدوڵڵا وتی ئافرەتان باشترە لەشـــەوانی قەدردا لەماڵەوە خوداپەرستی بکەن بۆ ئەوەی لەفیتنەو کێشەو گیرگرفتەوە بەدووربن، لەبەر ئەوە ماڵەوە گونجاوترە بۆ ئافرەتان نەك ئەوەی بچن بۆمزگەوت.

**نابێت لە سوونەتەکانی پێغەمبەر دەربچین**

سەبارەت بەجیاوازی ئەو شەوە لەسەردەمی پێغەمبەرو ئێستادا مامۆستا عەبدوڵڵا وتی ئەوەی زۆرگرنگە پێویستە یادکردنەوەی شەوانی قەدر لە قورئان خوێندن و دوعاکردن دەرنەچێت، لەبەر ئەوەی کەســـوونەتی پێغەمبەر هەر ئەوە بووە، هەرچەندە ئەگەر کەسـێك بتوانێت بەجددی کاری خوداپەرســـتی خۆی بکات ئەوە ئیجتیهادە .

**عارفە لەجەژنی ڕەمەزاندا نییە**

سەبارەت بەوەی زۆر کەس بایەخ بە ڕۆژی عارفەی جەژنی ڕەمـــەزان دەدەن وتەنیا لەو ڕۆژەدا بەڕۆژوو دەبن مامۆســـتا عەبدوڵڵا وتـــی بێگومان ڕۆژی عارفـــە تایبەتە بەجەژنی قوربانـــی پیرۆز بەڵکوو لەجەژنـــی ڕەمەزاندا ڕۆژێك بەنـــاوی عارفە نییە، چونکە تایبەتمەندی ڕۆژی عارفەی جەژنی قوربان لـــەوەوە هاتووە کە کەحاجییـــەکان لەچیای عەرەفە ڕادەوەســـتن، کەئەم ڕاوەستانەی حاجییەکان لەچیای عەرەفە یەکێکە لە هەرە پیرۆزترین روکنەکانی حەج،

## ئەگەر شەوی قەدر زانراو بوایە موسوڵمانان تەنیا لەو شەوەدا خواپەرستییان دەکرد

## دە شەوە کۆتاییەکەی مانگی ڕەمەزان یەکێکیان شەوی قەدرە

لەبەر ئـــەوە عارفەی جەژنی قوربان پیرۆزی خۆی هەیە سوونەتە موســـوڵمان تیادا بەڕۆژوو بن، بەڵام لەجەژنی ڕەمەزاندا شـــتێك بەنـــاوی عارفەوە نییە بەڵکـــوو وەك نەریتێکی کۆمەڵایەتـــی ڕۆژێ بەر لەجەژن ناونراوە عارفە، تاکە تایبەتمەندیش لەوەدابێت کەڕۆژە تاکەکانی کۆتایی مانگی ڕەمەزانە.

قورئان خوێندن لەڕەمەزاندا زۆرخێرە

ســـەبارەت بەخوێندنـــی قورئانی پیـــرۆز لەمانگی ڕەمەزانـــدا مامۆســـتا عەبدوڵڵا وتـــی لەهەموو مانگەکانی ســـاڵدا قورئان خوێندن زۆرخێرە، بەڵام چەند هۆکارێك هەیە کـــە وادەکات زۆربەی خەڵك لەمانگی ڕەمەزاندا قورئان بخوێنن، لەوانە پێغەمبەر دەفەرموێت قورئان خوێنـــدن لەکاتی بەڕۆژووبووندا شـــەفاعەتە بۆمرۆڤەکان ئەمە ســـەرەڕای ئەوەی کەکەســـی بەڕۆژوو خـــۆی بە قورئـــان خوێندنەوە سەرقاڵبکات باشـــترە بۆئەوەی خۆی لەکاری خراپە بپارێزێت.

جەژنی ڕەمەزان لەڕووی شەرعەوە یەك ڕۆژە

ســـەبارەت بەوەی کەدروستە ئەو ئافرەتانەی تووشی بێنوێژی بوون لەکاتی شەشەڵاندا ڕۆژووەکەیان بەقەرز بگەڕێننەوە، مامۆستا عەبدوڵڵا وتی بێگومان زۆر ئاســـاییە هەرکەســـێك ئەگەر بیەوێـــت قەرزەکەی بگرێتـــەوە یان بیەوێت وەك ســـوونەتێك بەڕۆژووبێت لەبەرئەوەی شەشەڵان زۆر پیرۆزە تایبەتمەندی خۆی هەیە، شەشـــەڵان لەدووەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانەوە دەســـت پێدەکات، زۆر ئاســـاییە هەموو کەســـەکان بەڕۆژوو بن، بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەسە زۆرماڵان نەگەڕێت چونکە ئەگەر بەڕۆژوو بێت و زۆر بچێتە دەرەوە ڕەنگە تووشی ڕیابێت، ئەوەی گرنگە جەژنی ڕەمەزان لەرووی شـــەرعەوە تەنیا یەك ڕۆژە بەڵکوو ڕۆژی دووەمی جەژن کۆتایی پێدێت و شەشـــەڵان دەســـتپێدەکات بەڵام عورف و عاداتی کۆمەڵایەتییە کە کردویانە بە سێ ڕۆژ.

سەبارەت بەســـەربڕینی ئاژەڵ لەمانگی ڕەمەزاندا مامۆســـتا عەبدوڵـــڵا وتـــی ((بێگومـــان هەموو خێرکردنێك لەمانگـــی ڕەمەزاندا خێری لەکاتەکانی تر زیاترە، بەڵام سەربڕینی ئاژەڵ وەك خێردەبێت نەك وەك قوربانـــی، چونکە قوربانـــی تایبەتە بەجەژنی قوربان)).

ســـەبارەت بەدەستنیشانکردنی ســـەرفترە لە ڕووی شـــەرعەوە مامۆســـتا عەبدوڵڵا وتی ((ســـەرفترە لەسەربنەمای گەنم دادەنرێت، چونکە گەنم خۆراکی ســـەرەکی ئادەمیزادە، لەبەرئەوە نرخی هەرعەلبەیەك گەنم چەند بێت دابەشی شەش دەکرێت ئەو ڕێژەیەی دانرا دەکرێتە سەر فترە، نرخی سەرفترە لەهەر وڵاتێك دیاری کـــراوە بەپێی نرخی گەنم لـــەو وڵاتە، واتا ڕەنگە لە شارێکەوە بۆشارێکی تر جیاواز بێت)).

سەبارەت بەچۆنێتی بەخشینی زەکات مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا وتی (( دەبێت هەرکەسێك زەکات ببەخشێت و بەجۆرێکی وەها دابەشی بکات کە بیداتە خەڵکی هەژار واتا نابێت زەکات بدەینە کەسێك کەی نایناسین و ئەو بڵێت بۆتان دابەشدەکەم)).

## پێویستە زەکات بەکەسانی هەژار بدرێن



## منداڵێک بە موورو دەخنکێت

ڕۆژی ٢٠١١/٨/١١ لە گەڕەکێکی شاری هەولێر منداڵێك بە هۆی قوتدانی مۆرییەکەوە گیانی لە دەستدا.
لە مبارەیەوە راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر رایگەیاند کەوا لە گەڕەکی بەهاری نوێی شاری هەولێر منداڵێکی تەمەن ٨ساڵان بەناوی (ئیبراهیم غازی ئیبراهیم) دوای ئەوەی یاری بە مۆری کردووە، مۆرییەکە قوت دەدا و لە قورگی دەمێنێتەوە و لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی خنکانی.

## دوای کەوتنی لەسەر پەیژەوە کرێکارێکی عەرەب گیانی لە دەستدا



ڕۆژی ٢٠١١/٨/١٤ پۆلیس ئاگادار کرایەوە بە بوونی تەرمی کرێکارێکی عەرەب لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن.
لە مبارەیەوە بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر پێی راگەیاندین هاووڵاتییەکی عەرەب بە ناوی عەبدولعەزیم محەمەد عەلی کە خەڵکی شەرگاتەو لەهەولێر کار دەکات، دوای ئەوەی لەسەر پەیژەی هەڵواسراوەوە لە کاتی کارکردندا کەوتە خوارەوە گیانی لەدەستدا، راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر زیاتر وتی:ئەم کرێکارە لە سەر پەیژەیەکی هەڵواسراوی خانوویەك لە کاتی لێکردنەوەی داری نەجاری کەوتە خوارەوە و لە ئەنجامدا گیانی لە دەستدا.



# دوای بزر بوون وخنکاندنی ئافرەتێک ژمارەیەکی نەناسراو بە مۆبایل خانەوەدەکەی ئاگاداردەکەنەوە

منداڵەکان تەلەفۆن بۆ باوکیان دەکەن و ئاگاداری دەکەنەوە بەیانی کە لەخەوهەڵدەستن دایکیان لەماڵ نەبووە، لەو ئێوارەیەوە تائێستا نەگەڕاوەتەوە، دوای گەڕان و پرسیارکردن ژمارەیەکی نەناسراو هەواڵی کوشتنی دایکێکی خاوەن شەش منداڵ بە خانەوەداکەی ڕادەگەیەنێت.

ئا: سانە سلێمان

## ژماره مۆبایلێكی نەناسراو وتی تەرمی ژنەكەت دۆزراوەتەوە

(ر،خ،ح) ژنێكی تەمەن ٣٢ ساڵە خاوەن شەش منداڵە ژنی ماڵەوەیە هەر كە بەیانی لەماڵ دەچێتە دەرەوە تا ئێوارە ناگەڕێتەوە، دوای ئەوەی منداڵەكان باوكیان ئاگادار دەكەنەوە كە دایكیان لە بەیانییەوە نەهاتۆتەوە ماڵ (ح،س) تەمەن ٤٧ساڵە دەڵێت» خێزانەكەم لە ٢٠١١/٦/٧ كاتژمێر ٨ بەیانی لە ماڵ دەرچووە تا ئێوارە نەگەڕاوەتەوە ماڵەوە، دوای ئەوە كەمنداڵەكان تەلەفۆنم بۆدەكەن منیش چوومە لای پۆلیس سكاڵام تومارکرد، پاش ئەو هەموو رۆژە ژمارە مۆبایلێكی نەناسراو لە ڕۆژی ٢٠١١/٦/١٧ تەلەفۆنی بۆ دووكچە خەزوورەكەمیان كرد كەوا تەرمێك لە سنووری ئاقاری شاویس دۆزراوەتەوە، ئێستاش لە نەخۆشخانەی رزگارییە، بزانن هی ئێوەیە، هەر هەمان ژمارە تەلەفۆنی بۆ كوڕە خەزوورەكەم و كوڕی كوڕیشی كرد بوو پاشان كە چووینە نەخۆشخانەی ڕزگاری تەرمەكەمان بینی زانیم ئەوە ژنەكەی منە خنكێندرا بوو بەڵام دوای ئەوە تەلەفۆنمان بۆ ئەو ژمارە مۆبایلە كرد داخرابوو، تاوەكو ئێستاش هەر داخراوە»

## مێردەكەی بەهۆی ئەنگوستیلەو جلی ژێرەوە ژنەكەی ناسییەوە

(خ،خ،ح) تەمەن ٣٧ ساڵە پیشەی كادیری حزبیە دەڵێت» لەرۆژی ٢٠١١/٦/٨ مێردی خوشكەكەم لای من بوو كە كوڕە گەورەكەی بەناوی (ب) تەلەفۆنی بۆ كردو پێی ڕاگەیاند كە خوشكم لە بەیانیەوە دەرچووەو نەگەڕاوەتەوە ماڵ، لەو كاتە تەلەفۆنم بۆ خوشكم كرد مۆبایلەكەی داخرابوو، منیش ڕاستەوخۆ تەلفۆنم بۆ دایكم كرد، بۆ ئەوەی بچێتە هەولێر بۆماڵی خوشكم كە دایكم گەیشتە ماڵی خوشكم منداڵەكان وتبوویان ئێمە لە بەیانیەوە هەستاوین لەخەو دایكمان لە ماڵ نەبووەو دەرچووە تا ئێستاش نەگەڕاوەتەوە دوای ئەوە دایكم منداڵەكان دەباتە گوندی مامەجەلكە كە ماڵی دایكم لەوێیە، دوای ئەوە چووین سكاڵامان تۆماركرد. لە پۆلیس دوای ماوەیەك لە گەران و پرسیاركرد ژمارە موبایلێكی نەناسراو پێوەندی پێوە كردین وتی تەرمی خوشكتان لە بنكەی پۆلیسی شاوەیس بۆ نەخۆشخانەی ڕزگاری نێردراوە. كە چووینە نەخۆشخانەی ڕزگاری تەرمەكەمان بینی مێردەكەی تەرمەكەی بە ئەنگوستیلەكەی پەنجەو جلی ژێرەوەی ناسییەوە لەو ڕۆژەوە تەلەفۆن بۆ ژمارە مۆبایلەكە دەكەین تاوەكو ئێستاش داخراوە»


## باوكم خوشكەكەمی بەزۆر بەشوودا

(ش،خ) پیشە كارمەندی تەندروستی خوشكی كوژراوە دەڵێت» من لە دوكانی خۆم بووم كە دەرمان و كەل و پەلی تەندروستی دەفرۆشم دوكانەكەش هەر لە ماڵی خۆمە لە گوندی مامە جەلكەیە كاتژمێر ١٠ی پێش نیوەڕۆ بوو خوشكم بەناوی (ر) هاتە پێش دوكانەكەم وەستا كە من چوومە لای، وتی خوشكمان ماوەیەكە بزر بووە لە هیچ شوێنێك سۆراغی نییە. دوای هەفتەیەك ژمارە تەلەفۆنێك پێوەندی پێوەكردم وتی دكتۆرە (ش) تۆی وتم بەڵێ وتی ئەوە تەرمی خوشكەكەت لە بنكەی پۆلیسی شاوێس بۆ نەخۆشخانەی رزگاری نێردراوە» خوشكی ئەو ژنە دەڵێت من نازانم كێ ئەو تاوانەی كردوە بەڵام ئەوەندە دەزانم كاتێك باوكم خوشكەكەمی بەشوودا بەزۆر بەشوویدا خوشكم ڕازی نەبوو ئەو پیاوەی خۆش نەدەویست چونكە ١٥ ساڵ تەمەنی لەخۆی گەورەتر بوو گومانیشم لەكەس نییە»

## لێكۆڵینەوە بەردەوامە بۆ دەستگیر كردنی تاوانبار

عەقیدی مافپەروەر جەمیل محەمەد ئەمین لە نووسینگەی نەهێشتنی تاوان دەڵێت» ئەو ئافرەتە ٢٠٠١/٦/٨ ون بەبوو مێردەكەی سكاڵای لە بنكەی پۆلیسی شاویس تۆمار كردبوو دوای ماوەیەك تەرمی ئافرەتێك لە سێبەردان دۆززرایەوە كاتێك كەس و كاری گەیشتنە سەر تەرمەكە ناسیبوویانەوە لە پزیشكی دادیش بەهۆی ئەوەی كە هیچ ئاسەوارێكی لێدان لەسەر جەستەی نەبووە دەركەوتوە كە ئەو ئافرەتە خنكێندراوە بەهۆی ئاڵۆزی ڕووداوەكەوە كیسەكە ڕەوانەی لای ئێمە كراوە بۆ زیاتر لێكۆڵینەوە و ئاشكراكردنی تاوانبار بۆ ئەو مەبەستەش لێكۆڵینەوە بەردەوامە و هاوسەری ئەو ژنە بەپێی مادەی ٤٠٦ دادوەر بڕیاری دەستگیركردنیدا»

## لە ڕووداوێكی هاتوچۆدا چوار كەس بوونە قوربانی



كاتژمێر دە و نیوی سەر لە بەیانی رۆژی ٢٠١١/٨/١٤ لە سەر ریگای سەرەكی هەولێر- كەركوك لە نزیك ناحیەی قوشتەپە و لە ئەنجامی ڕووداوێكی هاتوچۆدا ٤ كەس گیانیان لە دەستدا.

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر لەم بارەیەوە ئاشكرای كرد دوای ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەو بەدواداچوون لە ڕووداوەكە دەركەوت كەوا ئۆتۆمبێلێكی جۆری شۆڤرلێت ژمارە دهۆك وەرگەڕاوە و لە ئەنجامدا شوفێری ئۆتۆمبیلەكە بە ناوی موئەیەد نەشئەت خەلیلی تەمەن ٢٧ ساڵ و دانیشتووی شاری بەغدا زامدار بووە، بەڵام هەر یەكە لە عیسام عەزیزی ٥٥ ساڵ و هاوسەرەكەی ئینعام یەعقوبی تەمەن ٥٠ ساڵ و منداڵەكانیان یوسف عیسام تەمەن ٨ ساڵ و لەیس تەمەن ٣١ ساڵ كە دانیشتووی شاری بەغدان یەكسەر گیانیان لە دەستدا، هەروەها دوو سەرنشینی دیكەی ئۆتۆمبیلەكە كە عەرەبن زامدار بوون.

لەلایەن خۆیشیەوە دادوەر بڕیاریدا كەوا شوفێرەكە بە ماددەی ٢٤ی هاتوچۆ بەند بكرێت.